# ئافرەتانی هەولێر بەرزکردنەوەی قورسایی لە شارەکە زیندوو دەکەنەوە

ڕاپۆرت: کارزان کانەبی



دڵنیا ئەبو بەکر قوتابی و یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی ئافرەتانی هەولێر لەم بارەیەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی لە ئێستادا گرنگیی باش بەم یارییە دەدرێت لە شارەکانی کوردستان ئێمەش وەکو قوتابیان کە سەرجەم یاریزانەکانمان قوتابین لە قوتابخانەی چرای خێرا هەر لەوێشەوە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان کە کەسێکی وەرزشدۆستە ئێمەی کۆکردۆتەوە بۆئەوەی ئێمە درێژە بە حەزو ئارەزووەکانی خۆمان بدەین کە وەرزش کردنە، ئەگەر بمانەوێ گرنگی بە ئاست و تواناکانیشمان بدرێت دەبێت پێش هەموو شتێك شوێنمان بۆدابین بکرێ بە سوپاسەوە بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر لە نێو قوتابخانەکەمان شوێنی بۆ دابین کردوین بۆئەوەی درێژە بە وەرزش کردن بدەین جگە لەوەش پاڵپشتی بێ وێنەی ئێمەیە لە وەرزش کردندا،دەبێت لەلایەن بەرپرسانەوە کارێك بکرێت بۆ دروست کردنی هۆڵێکی تایبەت بەم یارییە و پاڵەوانێتیی بەردەوام بکرێتەوە ئێمەش وەکو یاریزانانی ئافرەتانی هەولێر بەردەوام دەبین لە گرنگیدان بەتواناکانی خۆمان بۆئەوەی ململانێی یانەکانی تر بکەین و ئەنجامان زۆر باشە لە چاو یانەکانی دیکەی کوردستان هەرچەندە لەم یارییەش ئافرەت زۆرکەمە.

شەیما فارس کچە یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەکە لەم بارەیەوە گوتی» ئێمە لە یانەکەمان گرنگیی باشمان پێ دەدرێت هەر چەندە ئێمە هەموومان کە یاریی بەرزکردنەوەی قورسایی دەکەین قوتابین و لە پاڵ خوێندنەکەمان وەرزشیش دەکەین بۆیە دەمانەوێ لە ڕێگای وەرزش کردنەوە بوونی خۆمان وەکو یاریزانی باش بناسێنین، بەڵام کێشەی ئێمە ئەوەیە کە هۆڵێکی تایبەت بە خۆمان نییە و بەڕێوەبەری گشتیی بە سوپاسەوە ڕێگەمان دەدات لە نێو قوتابخانەکەمان مەشق و ڕاهێنانەکانی خۆمان ئەنجام بدەین، لەئێستاشدا ئاستی یانەکەمان باشە بۆیە پێویستیمان بە گرنگیدانی زیاترە لەم یارییە، لەسەر لایەنی بەرپرسیش پێویستە گرنگی زیاتر بە کردنەوەی پاڵەوانێتی بەرزکردنەوەی قورسایی کچان بدەن بۆئەوەی کچە یاریزانانی دیکە لە شارەکان زیاتر ڕوو لەم وەرزشە بکەن ئێمە بە ئامانج و هیوای زۆرەوە ئەم وەرزشە دەکەین و ئۆمێدی باشمان لە پێشە بۆخزمەت کردنی ئەم یارییە و دووپات کردنەوەی خۆمان لەوەرزش وزیندوو کردنەوەی ئەم یارییە لە شاری هەولێر.

زەینەب وەلی یاریزانی ئافرەتانی هەولێربۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» ئەویە من دەیبینم وەکو یاریزانێك ئاستی ئەم یارییە زۆر باشە لە چاو هەندێك لە یارییەکانی تر، بەڵام ئەگەر بمانەوێ گرنگی بە ئاستی ئەم یارییە بدرێت دەبێت پێش هەموو شتێك گرنگیی زیاتر بە کردنەوەی پاڵەوانێتی دابین کردنی هۆڵی پێویست بدرێت بۆ یاریزانانی یانەکان ئێمە وەکو کچانی ئافرەتانی هەولێر هیچ هۆڵێکمان نییە بۆمەشق و ڕاهێنانەکانمان تەنیا ئەوە نەبێت کە بەرێوەبەری گشتی شوێنی بۆئێمە دابین کردوە پاڵپشتی تیپەکەمان وەکو ئەوەی کەئێمە قوتابین وحەز بە وەرزش دەکەین، داواکارین لە بەرپرسانی وەرزش هۆڵێکی تایبەت بەم یارییە بۆکچان دابین بکەن.

ئایە ساماڵ کچە یاریزانی ئافرەتانی هەولێرگوتی» ئەگەر بمانەوێ زیاتر لە ئێستادا گرنگی بەم یارییە بدەین دەبێ پێش هەموو شتێك بیر لە دابین کردنی یاریگا بکەینەوە چونکە تا

**تیپی بەرزکردنەوەی قورسایی کچانی ئانەی ئافرەتانی هەولێر یەکێکە لە تیپە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان، هەرچەندە ماوەی دامەزراندنەکەی کورتەو سەرجەم یاریزانانی ئەو یانەیەش لە قوتابخانەکانەوە دروستبوون و خۆیان پێگەیاندووە بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک هاوکارییان بکات و تەنیا سەرچاوەی درووست بوونی ئەوان هۆڵەکانی قوتابخانەکەیان بووە کە جگە لە فێربوون بواری پەروەردە و فێرکردن لەوێ خۆیان پێگەیاندووە و توانیویانە لەسەر دەستی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک خۆیان دروست بکەن و کێبڕکێ بکەن لەگەڵ یانەکانی تری کوردستان، لە ئێستاشدا ئەو تیپە هەموویان لە ریزی یانەی ئافرەتانی هەولێرەوە درێژە بەو پەیامە وەرزشییە دەدەن کە لەسەر شانیانە، دەیانەوی لە داهاتوویەکی نزیکدا هەنگاوی گەورە بهاوێن بۆگرنگی زیاتر بە بەهرەی یاریزانەکان و بچنە دەرەوەش ئێمەش لە نزیکەوە ئەم راپۆرتەمان ئەنجامدا.**





ئێستا هۆڵێکی تایبەت بەخۆمان نییە ئێمەش لەگەڵ ستافی یاریزانان تەنیا لە قوتابخانە مەشقەکانمان ئەنجام دەدەین بە سوپاسەوە مامۆستاکانمان هاوکارمانن، هیوامان ئەوەیە زیاتر پاڵەوانێتی بکرێتەوە و گرنگیی زیاتریش بە تیپی کچان بدەن لە کوردستان.

ڕازاو کەریم دەستەی کارگێڕی لە یانەی ئافرەتانی هەولێرلە بارەی دروست کردنی بیرۆکەی ئەم تیپە روونی کردەوە کە ئێمە لەسەرەتادا لە قوتابخانەکان هیچ چالاکییەکەمان نەبوو بۆیە بیرمان لەوە کردەوە کۆمەڵێك قوتابی بهێنین بۆئەوەی بتوانین چالاکیمان هەبێت و خستمانە بواری وەرزشەوە لە خوێندنی خێرا و ١٢یاریزانمان کۆکردەوە ئەو تیپەی بەرزکردنەوەی قورسایمان درووست کرد، دواتریش هەماهەنگیمان کرد لەگەڵ یانەی ئافرەتانی هەولێر ئەوان بە سوپاسەوە ڕاهێنەرێکیان بۆمان دابین کرد و لە قوتابخانەکەی خۆمان بەردەوام مەشقمان دەکرد، هەر چەندە لە قوتابخانەکەی خۆمان هیچ هۆڵێکمان نیە بۆیە ئەنجامەکانیشمان لە چاو ئەو بێ هۆڵیە زۆر باشیشە لە سەر ئاستی کوردستان و هەولێر، ئافرەتانیش کەم دێنە ئەم یارییە بەهۆی رێگە نەدانی خێزانەکانیان، لە رووی کۆکردنەوەی یاریزانەکانیش زۆر کات کێشەم بۆدروست دەبێت، ئێمە نۆ یاریزانمان زۆر بەتوانا بوون گەیشتنە لوتکە ئیدی خێزانەکانیان رێگەیان پێ نەدان بۆبەردەوام بوون لەوەرزش بۆیە بە ناچاری پەنامان بردە بەر چەند یاریزانێکی تر، سەرۆکی یانەی ئافرەتانی هەولێر وەکو پێویست هاوکارێکی باشە بەردەوام لەسەرخەتە لەگەڵمان، لێرەوە دەمەوێ سوپاسی مامۆستا بەکر کەریم بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بکەین کەزۆر هاوکارمانە لە دابین کردنی قوتابخانەو پێدانی هاوکاری مادیش بۆیاریزانان بەهیوای ئەوەین نموونەی ئەو کەسانە زۆر بێت بۆخزمەت کردنی بواری وەرزشی لە نێو قوتابخانەکاندا، بەرنامەمان هەیە بۆزیاتر گرنگی دان بە ئاستی تیپەکانمان و بەرەوپێش بردنی توانای یاریزانان هەندێك ئافرەت لە ماڵەکانەوە بهێنین بۆئەوەی خزمەتی وەرزش بکەن هەر لە نێو گۆشەی ماڵەوە نەبن و بێن بە وەرزش کردنەوە خزمەت بکەن خوێندنی خێرا لە هەولێر وەرزشی نوێی کردۆتەوە ئێمەش بەردەوام دەبین لە دروست کردنی تیپی جۆراوجۆری وەرزشی بۆخزمەت کردنی یاریزانان،یاریزانانی ئێمە هیچ مووچەیەکیان نییە تەنیا پاڵەوانێتی بۆپاڵەوانێتی تەنیا ئەگەر خواردنیان بۆدابین بکەین یان سەرۆکی یانەکە پشتگیریمان دەکات، داواکارین لە وەزیری پەروەردە پشتگیری لەم قوتابیانەی قوتابخانەکانی خوێندنی خێرا بکات، بەڕێوەبەری گشتی هیچ درێغی نەبووە، زۆریش سوودمەند دەبین لە دروست کردنی ئەو هۆڵەی کە بەڕێوەبەری گشتی بۆقوتابیانی قوتابخانەکانی سنوری پارێزگاری هەولێر دروستی دەکات، بۆبەڕێوەچوونی چالاکییە وەرزشییەکان.

# میسی داوا لەنیمار دەکات لەم وەرزەدا نازناو بۆ بەرشلۆنە بەدەست بهێنن

یاریزانی ئەرژەنتینی و یانەی بەرشــلۆنە لیۆنیل میسی هیوای خواست لە وەرزی نوێی ئەمساڵدا زۆرترین دەسکەوت بۆ یانەکەی بەدەســت بهێنێت، لەمیانەی گەشــتەکەی بۆ ئەمەریــکا لیۆنیل میســی لەلێدوانێکــی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند ئامانجمان بەدەستهێنانی زۆرترین پاڵەوانییەتییە لەگەڵ یانەی بەرشــلۆنە بۆ ئەوەی ببێتە سەرەتایەکی باش لەدوای وەرزی رابــردوو ئەمەش مکوربوونی ئێمەیە لەهەر ئاستەنگێك و لای خۆمەوە گشت توانایەکم دەخەمە گەڕ و هەردەم هەوڵ دەدەم لەسەر ئاستێکی باڵا یارمەتی تیپەکەم بدەم بۆ بەدەســت هێنانــی زۆرتریــن پاڵەوانیەتی لەگەڵ یانەکەم، بەڵام من خەون بەجامی جیهانی دەبینم کە تاوەکو ئێستا بەدەستم نەهێناوە.

هەر لەمیانەی قســەکانیدا لیۆنیل میسی تیشکی خستە ســەر هاوڕێیە تازەکەی بەرازیلی نیمار لە یانەی بەرشلۆنە و وتی: نیمار سامانێکی بەنرخی تیپەکەمانە و یاریزانێکی گەورەیە بەتایبــەت دوای ئەوەی مامەڵەیەکی زۆر جوانی لەگەڵ یاریزانانی یانەکە هەیە ئەمەش شــتێکی نموونەیە بۆ ئێمە.

هەر ســەبارەت بەیاریــزان نیمار ئەســتێرەی تۆپی پێی بەرازیل ودیاردە رۆناڵدۆ رایگەیاند هیوام دەخواســت نیمار داســیلڤا بەرەو یانەی ریال مەدریــد چووبا لەبری رکابەرە کلاسیکەکەی یانەی بەرشلۆنە

## یانەی ریال مەدرید.. ٣٠ بۆند پێشکەش بە کاکا کراوە

رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی بەناوبانگی ئیسپانی بڵاوی کردۆتەوە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی نزیکەی ٣٠ داواکاری پێشکەشکراوە بۆ فرۆشتنی یاریزانی هێلی ناوەڕاســتی بەرازیلی ریکاردۆ کاکا.هەروەها رۆژنامەی ناوبراو ئاشــکرای کردووە گرنگترین ئــەو یانانەی ئارەزوو دەکــەن ریکاردۆ کاکا یارییان بۆ بــکات بریتین لە هەریەك لە میلان و ئینتەر و یۆڤانتۆس و رۆما لەئیتالیا، مان یونایتد و مان ستی وچێلسی و ئەرســنال و لیڤەرپول و تۆتنهام لەئینگلتەرا، پاریس ســان جێرمان و مۆناکۆ لە فەرەنســا، بایرن میونشــن لە ئەڵمانیا، رۆبن کازان و ئەنجی لە رووسیا، ملگە لە ئیسپانیا، گەلەتەسەرای و فەنەر باخچە لەتورکیا، ســاوپاولۆ و کۆرنتیانزو فلامنگۆ و سانتۆس و فلومینسی و گیرمیۆ لە بەرازیل، هەروەها کوانگتشــۆ و شانگهای شــینهوا لە چین، لۆس ئەنجلوس گالاکســی و نیویۆرك ریدبۆلز، ئۆرلاندۆ سیتی لەئەمەریکا. ئــەم هەواڵە لەکاتێکدایە کاکا بۆ بەســەر بردنی پشــوو رووی کردۆتە وڵاتی چین و لەلێدوانێکیشــدا رایگەیاند: پێم باشــترە لە ریال بمێنمەوە بەمەبەستی بەدەست هێنانی دوایین هەل لەگەڵ راهێنەری نوێی یانەکە کارلۆ ئەنشلۆتی، بــەڵام بەبوونی یاریزانــان ئۆزیل و مۆدریتــش و هێنانی ئیســکۆ بۆ ریال مەدریــد دەبێت کاکا هەوڵی خۆماندوبونێکی زیاتر بدات تا شــوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی بکاتەوە. شــایانی باســە لەماوەی رابــردوو کاکا نەیتوانــی وەك ئەســتێرە دەربکەوێت و شــوێنی خــۆی لە پێکهاتــەی ریال جێگیر بکات، بەڵکو زۆربەی کات لەســەر کورســی یەدەگ دانیشتبوو هەرچەندە ســاڵانە مووچەیەکی باشــی بەدەســت دەکەوت کە بری نۆ ملیۆن یۆرۆ بوو لەگەڵ گرێبەستی گواســتنەوەی بۆ ریال بەبڕی ٦٧ ملیۆن یۆرۆ



## پۆدۆلسکی... ئەرسنال کێبڕکێی لە بەدەست هێنانی پریمەر لیگ دەکات

هێرشــبەری یانەی ئارسنالی ئینگلیزی لۆکاس پۆدۆلســکی دووپاتی کردەوە بڕوای تەواوی هەیە تیپەکــەی کێبڕکــێ بکات بۆ بەدەســت هێنانی نازناوی خولی ئینگلیزی ناســراو بەپریمەر لیگ لە وەرزی داهاتوودا.

یاریزانی ئەلمانی پۆدۆلسکی بۆ رۆژنامەی زە ســەن رایگەیاندوە هیوا دەخوازێت یانەی ئارسنال لەم وەرزەدا بتوانێت لەســەرەوەی ریزبەندی خولی ئینگلیزیەوە بێت.

هەروەها پۆدۆلسکی ئاماژەی بەوەکرد کە خولی پریمەر لیگ وەك لالیگا نییە تەنیا ریال بەرشلۆنە کێبڕکێیان بێت، بەڵکو پێنج تا شــەش جارجارەش حەوت تیپ کێبڕکێی لە بەدەست هێنانی خولەکە دەکــەن، ئەمــەش هــەوڵ و کۆشــش و ماندووبوونێکی زیاتری دەوێــت، بۆیە وای دەبینێت کە وەرزی داهاتوو ئەرسنال دەتوانێت ئەم دەرفەتە بقۆزێتەو و نازناوەکە بەدەســت بهێنێت.







# پاڵەوانیەتی ویمبلدۆن
# مۆرای دەسکەوتێکی مێژوویی تۆماردەکات

یاریزانـــی بەریتانی وپۆلینکاری دووەمی جیهان ئەندی مۆرای توانی بەســـەر یاریزانی ســـربی نۆڤاك دیۆكۆڤیتش پۆلینكاری یەكەمی جیهان ســـەربكەوێت بەئەنجامی (٦-٤)(٧-٥)(٦-٤) بەم هەنگاوەش بووە یەکەم یاریزانی بەریتانی نازناوی پاڵەوانییەتی ویمبلدۆن لەوەتەی ســـاڵی ١٩٣٦ وە بەدەستبهێنێت.

دوابەدوای یارییەکەش ئەندی مۆرای بۆ رۆژنامەنووسان رایگەیاند یاریەکە زۆر بەهێزبوو بەجۆرێك دەتوانم بڵێم باوەڕ ناکرێت چۆن توانیم ســـەربکەوم بەتایبەت ســـێ خاڵی کۆتایی یارییەکە، بۆیە من زۆر زۆر دڵخۆشم.

هەروەهـــا ناوبراو ئاماژەی بۆکرد چەندین جار لەگەڵ نۆڤاك بەریەك کەوتوون ئەو یاریزانێکی زۆر لێهاتووە و دەزانێت چۆن یاری بکات، بەڵام هەموو لایەك ئارەزووی ئەوەی دەکرد یاریزانێکی بەریتانی بۆیەکەم جار ئەم نازناوە بەدەست بهێنێت وهیوادارم هەموو لایەك چێژی لەیاریەکە وەرگرتبێت.

لەبەرامبەردا دیۆکۆڤیتش رایگەیاند: پیرۆزبایی لە مۆرای دەکەم، ئەو شایســـتەی بردنەوە بوو و یاریەکی زۆر سەرنج راکێش و جوانی پێشکەشکرد.



## یانەی سلێمانی بووە پاڵەوانی هێزی لەشی کوردستان

لە هۆڵی زەردی شاری هەولێر و بە چاودێریی لێژنەی ئۆلۆمپیی کوردستان و بە سەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی هێزی لەشی کوردستان، پاڵەوانێتی هێزی لەشی کوردستان بەڕێوەچوو و ماوەی یەك ڕۆژی خایاند، لەم پاڵەوانێتییە هەریەکە لە یانەکانی (سۆلاف، ڕانیە، پێشکەوتن، خەبات، سلێمانی، کلدانی سلێمانی، دەروازەی ڕاپەڕین، بابەگوڕگوڕ، بەردەڕەش، خاك) بە بەشداریی (٤٣) یاریزان بەڕێوە چوو.

ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە بەم شێوەیە بوو.

١-یانەی سلیمانی ٥١ خال .
٢-یانەی سۆلاف ٤٩خاڵ.
٣-یانەی پێشکەوتن ٤٥خاڵ.






## لە ڕانیەی دەروازە پاڵەوانێتیی یارییە سیانیەکان بەڕێوەچوو

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەمەبەستی زیاترگرنگی دان بە یارییەکانی سیانی، یەکێتیی ناوەندیی یارییە سیانیەکانی عێراقی بە هاوکاریی نوێنەرایەتیی لێژنەی ئۆلۆمپیی ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین وبە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری وەرزشوانانی ناوچەکە لە دەربەندی ڕانیە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا پاڵەوانێتیی کراوە بۆئاستی لاوان و پێشکەوتوان لە هەردوو ئاستی کچان و کوڕان بەڕێوەچوو، لەپاڵەوانێتییەکەشدا کە هەریەك لە یارییەکانی مەلەوانی و ڕاکردن و پایسکلسواری لە خۆ گرتبوو پاڵەوانێتییەکە یاریزانانی بەشداربوو لە ماوەی خولەکە کە بە یەك ڕۆژ بەڕێوەچوو، کێبڕکێ بەهێزیان دەکرد لەسەر بەدەست هێنانی پلەکانی پێشەوەی پاڵەوانێتییەکە و یانەی دوکان نازناوی پاڵەوانێتییەکەی بەدەست هێنا، ئەنجامی یاریزانانیش بەم شێوەی خوارەوەبوو.

ئاستی کچان
١-لەنجە سەلام
٢-ئەژین عوسمان
٣-شیار ئەحمەد

لە ئاستی کوڕان پێشکەوتوان
١-ئەیمەن ئەحمەد
٢-سەعدمحەمەد
٣-جەوهەر مستەفا

ئاستی لاوان
١-مونزر ئەحمەد
٢-عەلی محەمەد

## پاڵەوانێتیی شەترەنجی کوردستان

بە چاودێریی لێژنەی ئۆلۆمپیی کوردستان پاڵەوانییەتی کوردستان بۆ شەترەنج لەسەر ئاستی کوڕان و کچان بە بەشداری کردنی ٤٧ یاریزانی کوڕ و ١٧ یاریزانی کچ لە سەرجەم شارەکانی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، کەرکووك، دهۆك، گەرمیان) لە ئوتێلی چوارباخ لەشاری سلێمانی بەڕێوەچوو، پاڵەوانێتییەکە بۆ ماوەی ٤ ڕۆژ بەردەوام بوو، ئەم پاڵەوانیەتییە بە سیستەمی فیشەر بۆ هەژمارکردنی کات هەر یاریزانێك ٥٠ خولەکی هەبوو لە هەر جوولەیەکدا ٣٠ چرکەی بۆ زیاد دەکرا بەڕێوەچوو، بۆ کوڕان لە ٧ جەولە پێکهاتبوو و بۆ کچانیش لە ٥ جەولە.

ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانێتییەکەش بەم شێوەیە بوو.

ئەنجامی کوڕان
١- حوسێن عەلی حوسێن ٦.٥ خاڵ هەولێر

## پێشمەرگەی سلێمانی کۆنترۆڵی پاڵەوانێتی

لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری لە شاری هەولێر پاڵەوانێتیی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان لەسەر ئاستی پێشکەوتووان بۆ کوڕان و کچان بەڕێوەچوو، کە تیاییدا لەسەر ئاستی کوڕان ١٨ یانە بەشداری کرد و لەسەر ئاستی کچان ١٤ یانە.

لەم پاڵەوانێتییەدا چەندین ژمارەی پێوانەیی لەسەر ئاستی کوڕان و کچان شکێندرا و هەروەها ڕکابەرییەکی بەهێز لە نێوان یانە بەشداربووەکان هەبوو بۆ بەدەستهێنانی پلەکانی یەکەم، کە تیاییدا یانەی پێشمەرگەی سلێمانی توانی کۆنترۆڵی پاڵەوانێتییەکە بکات و لەسەر ئاستی کوڕان و کچان پلەی یەکەم بە دەستبهێنێت و یانەی سیروانی نوێ لەسەر ئاستی کوڕان و کچان پلەی دووەم-ی بە دەستهێنا.



## ـــــــوردستان لە سلێمانی بەڕێوەچوو

٢- دیدار محەمەد ٥.٥ خاڵ هەولێر
٣-بەهزاد زەینەدین ٥.٥ خاڵ هەولێر
٤-ئارپاك وریا ٥.٥ خاڵ هەولێر
٥-بەهمەن عومەر ٥ خاڵ سلێمانی
لەسەر ئاستی کچان
١-کارین کەمال ٤.٥ خاڵ دهۆك
٢-چنار وریا ٣.٥ خاڵ سلێمانی
٣-ڤین کەمال ٣.٥ خاڵ دهۆك
٤-دلین کەمال ٣.٥ خاڵ دهۆك
٥- سۆنیا تاها ٣ خاڵ سلێمانی

جێگەی باسە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی جەلیل شەریف وەك ناوبژیوانی سەرەکی و هەریەك لە ناوبژیوانان ساسان عەبدولغەنی و تەیب بورهان حامد وەك یارمەتیدەر پاڵەوانێتییەکەیان بەڕێوەبرد.



## ـــــــتی گۆڕەپان و مەیدان-ی کوردستانی کرد

ئەنجامی کۆتایی یانەکان بەم شێوەیە بوو.
لەسەر ئاستی کوران
١-پێشمەرگەی سلێمانی ١٢٣ خاڵ
٢- یانەی سیروانی نوێ ٩٥,٥ خاڵ
٣- یانەی دهۆك ٩٤,٥ خاڵ
٤- یانەی سەورە ٨٨ خاڵ
لەسەر ئاستی کچان
١-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ١٣٣ خاڵ.
٢- یانەی سیروانی نوێ ١٢٧ خاڵ.
٣- یانەی زاخۆ ١٠٤ خاڵ.
٤- یانەی هەولێر ٩٤ خاڵ.



## کچانی ئەکاد بوونە پاڵەوانی کوردستان لە یاریی شمشێربازی



لەژێر چاودێری لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و بەسەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی شمشێربازیی کوردستان پاڵەوانێتیی یانەکانی کوردستان بۆ کچان لەئاستی پێشکەوتوان لەشاری هەولێر لەهۆڵی بنەسڵاوە بەڕێوەچوو.

پاڵەوانییەتیی شمشێربازی بۆ کچانی یانەکانی کوردستان یەکەم جارە بەڕێوەدەچێت کەتەنیا یەك رۆژی خایاند و تیایدا یانەی ئەکاد وێڕای ئاست بەرزییان لەو پاڵەوانییەتییەدا توانیان پلەی یەکەم و دووەم بەدەست بهێنن .

## پاڵەوانێتی هەولێری کراوە بۆ پایسکلسواری بەڕێوەچوو

لەسەر رێگەی هەنارە لە شاری هەولێر، یەکێتیی پایسکلسواری لقی هەولێر قۆناغی یەکەمی پاڵەوانێتیی هەولێری کراوە لەسەر ئاستی کوران بۆ پێشکەوتووان و لاوان و تازەپێگەیشتووان بۆ یانەکانی سنووری پارێزگای هەولێر کردەوە، کە تیایدا لە هەر سێ ئاست ٣٠ یاریزان بەشداری کرد و رکابەرییەکان تایبەت بوون بە تاك دژی کات.

ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوو.
لەسەر ئاستی پێشکەوتووان ١٥کم
١-ئامانج شێرزاد یانەی هەولێر
٢- جۆڤان تۆمی یانەی هەولێر
٣- دلۆڤان کۆسرەت یانەی هەولێر
لەسەر ئاستی لاوان ١٢کم
١-هونەر عەبدولستار یانەی برایەتی
٢- ئەبو بەکر سەدیق یانەی برایەتی
٣- عوسمان عەلی یانەی هەولێر
لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان ١٠کم
١- هێمن ئەحمەد یانەی هەولێر
٢- مەحمود بەرکات یانەی هەولێر
٣- مەحمود سەعدەدین یانەی هەولێر

لە لێدوانێکی تایبەتدا مەحمود عەزیز سەرۆکی لقی هەولێر-ی یەکێتی پایسکلسواری لقی هەولێر گوتی: وەکو پرۆگرامی ساڵانە یەکێتییەکەمان قۆناغی یەکەمی پاڵەوانێتیی هەولێری کراوەی ئەنجامدا و وا بڕیارە لە دوای تەواوبوونی جەژنی رەمەزان قۆناغی دووەمی پاڵەوانێتیی هەولێری کراوە ئەنجام دەدرێت، کە تایبەت دەبێت بە رکابەری تاکی گشتی.

